Tomas Tranströmer =تۆماس ترانسترۆمێر

وەرگێڕ: ڕەحمانی سۆفی

# چیرۆکی گەمیەوان

ڕۆژانی وشکە زستانی وا هەیە

ئەودەم داوێنی چیا خزمی دەریایە

بە جیچکانەوە،

خۆداپۆسیو بە پەڕ و پۆی بۆزەوە

کورتە ماوەیەککی لاژوەردی،

ماوەیکیش درێژ لەگەڵ شەپۆل،

وەکوو پشیلە کێوی ڕەنگپەڕیو

بێهودە دەگەڕێ،

چنگگیرکا لە خیزلانی لێوار

لە ڕۆژێکی ئەوتۆدا،

گەلەگەمی نوقم بووش

لە دەریا دەردەکەون و

بە دوای خاوەنەکەیاندا دەگەڕێن.

خاوەنیش لە جارخانەی شاردا داماون

و مەلەوانگەلی خنکاویش،

باریکتر لە دوکەڵی لولە

با، دەیانبا بۆ وشکانی

لە باکوور،

پشیلە ئاژەڵی واقیعی پەنجە تیژ

بەچاوی خولیاوە،

بە ئاواتی تێربون کڕوکاژ دەکەن

لە باکوور،

لەوێ ڕۆژ لە کانی ژێرزەویدادەژی

هەم شەوە و هەم ڕۆژ

لەوێ،

تەنیا ئەوەی زیندووماوە بۆی هەیە

دانیشێ لەبەر کوانوی گزینگی بەربەیان، و

گوێبگرێ لە موزیکی سەهۆڵبەستە.